له بابەتی کوفرکردن

بە طاغوت

وەڵامدانەوەی

هەڵۆی نەفام

نووسەر :
مامۆستا ئوسامە تەوحیدی شارەزووری
ئامادەکردنی : الحق

وەڵامدانــەوەی

هەڵۆی نەفام

لە بـــابەتی كـوفركردن بە طاغووت

نــووسەر :

ماموستــا ئـوسامە تـەوحـیدی (شارەزووری)

حـفظە اللە تـعـالی

AL HAQQ

بسم الله الرحمن الرحيم

مناصري

الدَّوْلَةُ الإسْلامِيَّةُ

خلافةٌ على مِنهاجِ النُّبوّة

وەڵامــدانەوەی **هەڵــۆی نەفام کوفرکردن بەطاغوت** بەبـابەتێکی خیلافی دائـەنێت پێی وایـە گەر کەسێ کوفر بەطاغوت نەکات لەبەر مافێکی دوونیایی خۆی ناتوانیت تەکـفیری بکەیت بابـەتەکەش ئەوەیـە ئەڵێت حوکم بـردنەوە (تحاکم) بـۆلای طاغوت بۆ گێڕانەوەی مافێکی خۆت یـان خوێنێک کە لێت ڕژاوە لـەلای زاناکان بابەتێکی خیلافیە هەنێـک لـــەزاناکان وتویانە بـۆت هەیە حوکم بەریت بـۆلای طاغوت هەنێکیش وتویـانە بۆت نیە بۆیە نابێت هیچ یەکێک لەم دووکۆمەڵە تەکفیر وتفسیق بکەیت بەڵام باشتر وایە نەیبەیت .

لەهەمان کاتدا (صولح ی حودەیبیە) بەتحاکم ناوئەبات وئیکراهکردن ی یوسف علیه السلام لەسەر زیندانیکردن بەقبوڵکردنی حوکم ی طاغوت ناوئەبات.

لەوەڵام ی ئەم سەرلێشێواوە ئەڵێـم باسەکەی هەڵۆ لـەسەر (حوکم) بردنەوەیە بۆلای طاغوت نەك داوای یارمەتیکردن لـەطاغوت بۆ یارمەتیدانت جیاوازی نێوان حوکم بـردنەوە و داواکردنی یارمەتی چیـە ؟

یارمەتیدان بریتیە لەوەی داوای هاوکاری بکەیـت لەکافرێکی خاوەن هێز ماڵێکت دزراوە ئەو بتوانێت بەهێزەکەی بۆت بدۆزێتەوە و بیگەڕێنێتەوە بەڵام تحاکم (حوکم بـردنەوە بریتیە لەوەی کێشەکەت بەیتەوە بـۆلای حاکم تابەیاسا

هەق وناهەق جیابکاتەوە) سەرەتـا پێویستە پێناسەی حوکم بردنەوە بزانین چیە

تحاكم لە زماندا :- (التجا إليه رفعا الأمرَ إليه ليقضي بينهما) پەنای بـۆبردەوە وکێشەکەی خۆی بۆبەرزکردەوە تـا لەنێوانیاندا بڕیار وحوکم بـات

لەڕووی شەرعیەوە :- بریتیە لەبەرزکردنەوەی کێشە وبردنەوەی بـۆلای دەسەڵاتدارێـکی طاغوت کـەحوکم بەشەرعی الله تعالـى ناکات قـال الله تعالـى:

أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓا۟ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوٓا۟ أَن يَكْفُرُوا۟ بِهِۦ وَيُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا ﴿٦٠﴾ [سورة النساء]

ئەی محمد ﷺ ئایا ئەوانەت بینیوە واخۆنیشان ئەیـەن کەبەڕاستی ئەوان باوەڕیان هێناوە بەوەی دابەزیوە بۆتۆ (**کەقورئانە**) و بەوەش کەپێش تۆ دابەزیوە(کە تەوراتە)ئـەیانەوێت کەچارەسەری کێشـەکانیان بەرن بۆ لای طاغوت کەحوکم بە بەرنامەی الله ناکات لە کاتێکدا بەڕاستی فەرمانیان پێ کراوە کەبـێ بڕوابـن بەطاغوت وە شەیطان ئەیەوێت کە گومڕایان بکات بە گومڕایی یەکی دوور لە ڕاستی.

کەواتا لەم ئایـەتە پیرۆزە تێگەشتین حوکم بـردنەوە بۆلای طاغوت وبەرز کردنەوەی کێشـە تاطاغوت بڕیاری لەسەربـات ئەمە دژی کوفرکردنە بەطاغووت

چونکــە زانــایان ـی تەفسیر فەرموویـانە ئـــەم ئایـەتە بەڵگەیەکی ڕاشکاوە کـە ”ئەوکەسەی حوکم بەرێتەوە بۆلای طـاغوت ئەوە کوفری بەطـاغوت نەکــردوە”

شیخ سولەیمان ـی ال الشیخ لەشەرح ـی کتاب التوحید (تیسیر العزيز الحميد) لەبەشــی باب قوله تعالی : ﴿ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزۡعُمُونَ ﴾ لەشیکردنەوەی ئەوئایەتە ئەفەرموێت :

(وفي الأية دليل على أن ترك التحاكم إلى الطاغوت الذي هو ما سوى الكتاب والسنة من الفرائض وأن المتحاكم إليه غير مؤمن بل ولا مسلم) واتــە : ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر فەرزبونی وازهێنان لە حوکمبردنەوە بـــۆ طاغوت کە طاغوت هەرشتێکە لەغیری کتاب وسونەت وە ئەوکەسەشی حوکمی بۆدەباتەوە باوەڕدارنیە بەڵکو موسڵمانیش نیە.

ئیمام ـی ڕازی لەتەفسیری ئەو ئایەتەدا ئـەفەرموێت رحمه الله :

﴿ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓاْ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ وَقَدۡ أُمِرُوٓاْ أَن يَكۡفُرُواْ بِهِۦۖ ﴾ (فجعل التحاكم إلى الطاغوت يكون ايمانا به ولا شك أن الايمان بالطاغوت كفر بالله) واتــە : الله تعالی حوکم بردنەوەی بۆلای طاغوت بەئیمان هێنان بەطاغوت دادەنێت گومانی تێدانیە ئیمان هێنان بەطاغوت کوفرە بەالله.

شێخ عبدالرحمن ـی کوڕی حسن ال شیخ هەمان شت ـی فەرمووە کەواتا بەدەق ـی ئایەت و تەفسیری زانایان "حوکم بـردنەوە بۆطاغوت کوفرنەکـردنە بـەطاغوت"

ئیمام ـی ابن القیم رحمه الله تعالى ئەفەرموێت : (الطاغوت كل ما تجاوز به العبد حده من معبود أو متبوع أو مطاع فطاغوت كل قوم من يتحاكمون إليه غير الله ورسوله أو يعبدونه من دون الله أو يتبعونه على غير بصيرة من الله أو يطيعونه فيما لا يعلمون أنه طاعة لله فهذه طواغيت العالم إذا تأملتها وتأملت أحوال الناس معها رأيت أكثرهم أعرض عن عبادة الله تعالى إلى عبادة الطاغوت وعن طاعة رسول الله ﷺ إلى طاعة الطاغوت ومتابعته)

واتــە : طاغـوت هەموو ئەوەیـە کەبەندە سنوری بەندایەتی تێدا بپەڕێنێت لـە پەرستن یان شوێنکەوتن یان گوێڕایـەڵێکردن طـاغوت ـی هەر گەلێـک ئەو کەسەیە کەحوکم ـی بۆلا ئەبرێتەوە لەجیات ـی حوکم بردنەوە بۆلای الله تعالـى وپێغەمبەرەکەی ﷺ یان لەبڕی الله تعالى ئەیپەرستن یـان شوێنی ئەکەون بـەبێ ئەوەی هیچ بەرچاو ڕوونیـەکیان پێ بێت لەلایەن الله تعالى ـوە یان گوێڕایـەڵێ ئەکەن لەشتێک کەنازانن ئەوە گوێڕایـەڵیە تایبەتە بەالله تعالى ـوە ئەمە طـاغوتەکان ـی جیهانە گەر ڕامێنیت وبیرکەیتەوە لـــەباردۆخ ـی خەڵکـی

ئەبینیت زۆربەی خەڵک پشتیان کـردۆتە پەرستنی الله تعالـی وڕوویان کردۆتە پەرستنی طاغوت لەگوێڕایەڵ ـی پێغەمبەر ﷺ پشتیان هەڵکردوە بۆگوێڕایەڵ ـی وشوێنکەوتن ـی طاغوت. [إعلام الموقعين عن رب العالمين (1/50)]

کەواتـا وەک ئیمام فەرمووی ئەوانە طاغوتن کەپێویستە بەندە کـوفری پێ بکات کوفرپێکردنیش ـی بەوە ئەبێت لێی دوورکەوێتەوە نەک لەپێـناو دوونیا حوکم ـی بۆبەرێتەوە

شێخ سولەیمـان ابـــن سەحمان فەرموویەت ـی : (فإن كثيرا من الطوائف المنتسبين إلى الإسلام قد صاروا يتحاكمون إلى عادات أبائهم، ويسمون ذلك الحق بشرع الرفاقة، كقولهم شرع عجمان، وشرع قحطان وغير ذلك، وهذا هو الطاغوت بعينه، الذي أمر الله باجتنابه)

واتــە : زۆرێـک لەو کۆمەڵانەی خۆیان یاوەتە پاڵ ئیسـلام حوکم ئەگێڕنەوە بـۆ نەریتی باوباپیرانیـان وناوی ئەمەش ئەنێن مافی یاسای رفاقە وەک ئەو وتەیەیان کەئەڵێن یاسای عجمان ویاسـای قەحطـان وبەدەر لەمـانەش ئائەمە خودی طاغوتە بەدیاریکراوی کەالله تعالی فەرمانیکردووە بەدوورکەوتنەوە لێی . [الدرر السنية (10/502-511)]

سەرنج بـەن حوکم بردنەوە بۆلای طاغوت فەرمانمان پێکراوە بەوەی لێی دوورکەووینەوە وکوفری پێ بکەین

پــاشان حوكم گێڕانەوە عیبادەتـە

جا یـان ئەوەیە حوكم ئەگێڕیتەوە **بۆلای الله تعالى** بەم شێوە بەحوكم بردنەوەكەت تۆ عیبادەتت بۆالله تعالـى كردووە

یـان ئەوەیە حوكم ئەگێڕیتەوە **بۆلای طاغوت** بەم شێوە طاغوتت پەرستوە بەئەنجامدانی عیبادەت ـی حوكم گێڕانەوە بـۆلای طــاغوت

جـا لەئێوە ئەپرسـم ئایـا كوفر نەكردن بەطاغوت بـابەتێكی خیلافـیە لەنێوان زانایان ؟

ئایا كـام زانـا وتویـەتی لەپێناو دوونیا جائیزە عیبادەت ـی طاغوت بكەیت ؟ چونكە وەک وتمـان حوكم بـردنەوە جۆرێكە لەجۆرەكـانی عیبادەت ئایا هیچ زانایـەكی ئەهلی سونەت وتویەتی لەپێناو دوونیـا جائیزە عیبادەت بۆ غەیری الله تعالـی بكەیت ؟؟

رِاڤەكاری قورئان ئیمام ـی العلامة الشنقيطي لە أضواء البيان لەتەفسیری ئایەتی :

وَمَا ٱخۡتَلَفۡتُمۡ فِيهِ مِن شَيۡءٖ فَحُكۡمُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِۚ ﴿١٠﴾ [سورة الشورى]

فەرموویـەت ـی : (أن ما اختلف فيه الناس من الأحكام فحكمه إلى الله وحده لا إلى غيره جاء موضحاً في آيات كثيرة فالإشراك بالله في حكمه كالإشراك به في عبادته قال في حكمه: وَلَا يُشۡرِكُ فِي حُكۡمِهِۦٓ أَحَدٗا ﴿٢٦﴾ [سورة الكهف]

واتــە : ئایەتەکە بەڵگەیــە لەسەر ئەوەی ئەو حوکمانەی خەڵکی تێیدا ناکۆکن ئەوە ئەبێت تەنها بیبەنەوە بـۆلای الله تعالـى نەک بۆلای غەیری الله تعالـى وەک چۆن لەچەندان ئایەت ـی تر بەڕوون ـی هاتوە چونکە هاوبەشدانان بۆ الله تعالـى لەحوکمیدا وەک هاوبەشـدانانە بۆی لەپەرستنیدا الله تعالـى لەبارەی تاکبون ـی لەحوکمدا فەرموویەتـی : (هیچ هاوبەشـ وهاوەڵێکی نیـە لەحوکمیدا)

شێخ محمد حامد الفقی ئەفەرموێت : (یتحاکم إلیها في الدماء والفروج والأموال ویقدّمها على ما عَلِم وتبین له من کتاب الله وسنة رسوله فهو بلا شك کافر مرتد)

واتـــە : ئەوکەسـەی حوکم بەرێتەوە بۆیاسا دەستکردەکان لەبابەتی خوێن و ناموس وماڵ پێشی خات بەسەر ئەوحوکمەی کەئەیزانێت لەقورئان وسونەت (هاتوە لەبارەی کوفرکردن ـی بەیاسای دەستکرد کەچی فەرمانەکەی الله تعالى پشت گوێ بخات) ئەوە ئەوکەسـە بێ هیچ گومانێک کافر ومورتەدە. [فتح المجید هامش 384]

شێخ حمود التویجری فەرموویەت ـی : (والتحاکم إلى غیر الشریعة المحمدیة من الضلال البعید والنفاق الأکبر) واتــە : حوکم بـردنەوە بۆلای جگە لەشەریعەت ـی محمد ﷺ لەگومڕایەکی دوور و نیفاقی گەورەیـە . [الإیضاح والتبیین لما وقع فیه الأکثرون من مشابهة المشرکین ص28-29]

کەواتـا تێگەشتین حوکم بردنەوە بۆطاغوت کوفری گەورەیـە وکوفرنەکردنە بەطاغوت

جائـایا ئەمە کام زانایـە کەهەڵۆ باسی ئەکات ئەڵێت خیلافیان هەیە هەنێکیان وتویـانە جائیزە حوکم بەرێتەوە بۆطاغوت لەبابەتی خوێن وماڵ وناچاری ؟

سەرەتـا "ئیجماع ـی زانایـان لەسەر ئەوەی حوکم بـردنەوە بۆیاسای طاغوت ـی کوفری گەورەی دەرخەرە لەئیسـلام"

ئیمام ـی ابن کثیر رحمە اللە تعالـی فەرموویەت ـی : (فكيف بمن تحاكم إلى الياسق وقدمها عليه فمن فعل ذلك كفر بإجماع المسلمين)

واتە : ئەی چجای ئەوکەسـەی حوکم بەرێتەوە بۆ یاسق (یاسای جەنگیز خـان) بیخاتە پێش فەرمانی شەرعەوە ئەوکەسـەی ئەو کـارە بکات کـافرە بەئیجماعی موسڵمـانان. [البداية والنهاية (17/ 163)]

سەرنج بـەن ئیمام ابن کثیر ئیجماعـی نەقڵکردووە کەحوکم بـردنەوە بۆیاسا کافربونە بەئیجماعـی موسڵمـانان ئـایا ئەو خیلافـە لەکوێیە کـەهەڵۆ باسیکردووە ؟

کـەواتـا وەک ئیمام سلیمان ابن سحمان رحمە اللە ئەفەرموێت : (فلو ذهبت دنياك كلها لما جاز لك المحاكمة إلى الطاغوت لأجلها، ولو اضطرك مضطر وخيرك،

بين أن تحاكم إلى الطاغوت، أو تبذل دنياك، لوجب عليك البذل ولم يجز لك المحاكمة إلى الطاغوت) [الدرر السنية في الأجوبة النجدية10_511]

واتـــە : ئەگــەر هەموو دوونیـاکەت لـــەدەست بەیت بۆت دروست نیـە حوکم ببەیتەوە بـۆلای طاغوت گەر کەسێک ناچاریکردی لە نێوان لەدەست ـدانی ماڵەکەت یان حوکم بردنەوە بۆلای طاغوت ئەوا لەسـەرت واجــبە واز لـــەدوونیـاکەت بهێنێت بـۆت دروست نیـە حــوکم بـەریتەوە بــۆلای طاغوت.

ئیمام فەرمووی واجبە واز لەماڵ وسامـانەکەت بهێنیت بۆت جائیزنیـەلەپێناو دوونیا خۆت کافر بکەیـت "کەچی هەڵـۆ وتی واباشترێکە نەچیت ئێستا جیاوازی نێوان زاناکان وهەڵۆتان بـــۆدەرکەوت ؟"

پاشـان لەهەڵۆ ئەپرسین ئایـا تحاکم بـۆلای طاغوت کوفری گەورەیـە یان تەنها تاوانێـکە ؟

گەر بـڵێی کوفری گەورەیە ئەوە بەئیجماع کوفری گەورە حەڵاڵ نابێت تەنها لـەحاڵەتی ئیکـراهدا نەبێت نەک حاڵـەتـ ـی ناچاری

ابن القيم رحمه الله تعالـى فەرموویەتـ ـی : (ولا خلاف بين الأمة أنه لا يجوز الإذن في التكلم بكلمة الكفر لغرض من الأغراض إلا المكره إذا اطمأن قلبه بالإيمان)

واتــە : هیچ ڕاجـیاوازیەک نیـە لەناو ئومەتدا کە جائیزنیە مۆڵەت بدرێت بەگوفتاری کوفر بۆهیچ مەبەستێک لەمەبەستەکان تەنها لەحاڵەت ـی ئیکراهـ نەبێت کەدڵی ئارام وپڕبێت لەئیمان. [إعلام الموقعين [3/ 178]

کــەواتا گەر بڕوات وایە تحاکم کوفری گەورەیە ئەوە ئیجماع کە ابن قـیم نەقڵی کـردووە (جگە لەئیکراهـ هیچ مەبەستێ تر ڕێگە بەکردن ـی کوفر نایـات) گەر وەک مەدخەلیـەکان وعادل ال حمدان ـی شێخت تحاکم بەکوفری گەورە نازانیت کەواتـا پێویست ناکات درۆ بـەناوی زاناکانەوە بکەیت بەڵکو بڵێ پێم وایە تحاکم کوفری گەوورە نیە بۆیە لەبەرناچاری جائیزە

پــاشـان ئەو گومانەی هەڵۆ ئەیوروژێنێت گوایـە پێغەمبەر یوسف لەبەر ناچاری حوکمی بۆطاغوت بـــردۆتەوە زیندانی هەڵبژاردووە!

سبحان الله لەو تەئویلە بەتاڵـە سەرەتا ئێمە پێناسەی تحاکم ـمان کرد کە بریتیە لەوەی دووکەس یان زیاتر کێشەی خۆیان بەرزەکەنەوە بۆلای طاغوت تا بڕیارێکیان بـۆبات بە شەریعەتەکەی خۆی بـەڵام یوسف نەڕۆشت کێشەکەی خۆی بەرزکاتەوە بۆلای حاکم تـا چارەسەری بابەتەکەی بۆبکـات وەهەروەهـا یوسف خۆی داوای زیندانی نەکرد بەڵکو ئافرەتەکە دووهەڵبژاردنی خستە پێش یان زیندان یان زینا یوسف عليه السلام زیندانیکردنی هەڵبژاروو چونکە هەڵبژاردنی

زینا واتا هەڵبژاردنی ئەشکەنجە ولێدان لەپێناو نەشـکاندنی فەرمانی الله تعالی چونکە زیندانی کردن ـی ئیکراهکردنیـەتی لەسەر گوێڕایەڵیکردن ـی بۆ الله تعالـی ئەمە کەی تحاکم کردنە بۆلای طاغوت؟ خۆئەوەتا طاغوتان بەئێمە ئەڵێن وازنەهێنن زیندانتان ئەکەین وئەشکەنجەتان ئەیەین ئێمەش ئەڵێین زیندانمان بکەن وبشمانکـوژن لامان خۆشترە لەوەی کوفربکەین چونکە زیندان ولێدان هەڵبژاردن ـی ئەشکەنجەیە لەپێناو کوفر نەکردن نەک هەڵبژاردنی حوکمی طاغوت بێت خۆی لە خۆیدا چونکـە هەڕەشەکردن بەزیندان وکوشتن ئیکراهـکردنی موسڵمـانە لەسەر دینداری پێی ئەوترێ حاڵەتی ئیکراهـ لە شەرعدا واتا کافران بەوشێوە ئەشکەنجەت ئەیەن لـەسەر دەستگرتنت بەدینەکەت واتـا "یوسف ئەشکەنجە و ئازارکێشـان ـی لەپێناو دین لەلای لاخۆشتربوو لەوەی لەبەر دوونیـا سەرپێچی الله تعالی بـکات نەک لەبەر دوونیا وبەدەست هێنان ـی دوونیا تحاکم بـۆطاغوت کات" وحوکم طاغوت قبوڵ بکات وەکو حـوکم کەواتـا گەر یوسف لەبـەر نەکردنی تاوانێک واز لە دوونیاکەی بهێنێت ئەشکەنجە وزیندانکردن هەڵبژێرێت وخۆی بخاتە ناو نارەحەتی زیندانەوە ئەی چۆن جـائیزە لە پێناو دوونیاکەت ـدا کوفر بکەی وعیبادەت ـی حوکم بردنەوە بـۆ طاغوت ئەنجام بەیت؟ کاتێـک ئەمە ئەبـوو بەبەڵگە کە یوسف حوکم ببردایەتەوە بۆلای حاکمەکان وبیوتایـە ئەوەتا ستەمم لێ ئەکرێت ئەڵێن یان زینا

ئەکەیت یان زیندانت ئەکەین ئەگەر وای کردایـە ئەوکات بۆت بوو بڵێی ئەوەتا یوسف لەناچاریدا حوکمی گێڕاوەتەوە کەلەوحاڵەتەش بەناچاری دانەئەنرا چونکە هەڕەشەی زیندانی لەسەربوو کە زیندان ئیکراهــە کەواتـا سەیر لەوەدایە نە مناط ـی حوکم ئەزانیت نەئەتوانیت هۆکارەکان بەیەکتری قیاس بکەیت بەڵکو دووشت ـی تەواو لەیەکتر جیاوازتر بەیەکترشوبهاندوە وەک شوبهاندنی شەو لەگەڵ ڕۆژ جیاوازی هەیە.

پــاشــان صولح ـی حودەیبیە بەتحاکم ـی حاڵەت ناچاری دائەنێت گوایە پێغەمبەر ﷺ لەناچاری حوکمی طاغوتانی قبوڵکردووە !

ئەمەش ئەوپەڕی بێ ئەدەب ـی وکوفرە چونکە پێغەمبەر ﷺ بەهیچ جۆرێ موافقەی حوکم ـی کافران ـی نەکردووە نەلەبەرناچاری نە غەیری ئەوەش وە ئەوە تحاکم نیـە بەڵکو ڕێکەوتنامەیـەک بوو لەنێوان موسڵمانان وکافران بەدانانی چەند مەرجـێک کەلەشەرعدا صولح وڕێکەوتن لـەگەڵ کافران جائیزە گەر مەرجەکان شەرعـی بێت ئەمە هیچ پەیوەندی بەوەنیە تۆ کێشەکانت بەریتەوە بۆلای طاغوت تائەو چارەسەری بکات بەیاسای طاغوت ئەو چەند خـاڵەش ـی لە ڕێکەوتنەکە هاتوە زانایـان زۆر جوان باسیان کردوە.

ئەکەیت یان زیندانت ئەکەین ئەگەر وای کردایـە ئەوکات بۆت بوو بڵێی ئەوەتا یوسف لەناچاریدا حوکمی گێڕاوەتەوە کەلەوحاڵەتەش بەناچاری دانەئەنرا چونکە هەڕەشەی زیندانی لەسەربوو کە زیندان ئیکراهــە کەواتـا سەیر لەوەدایە نە مناطـ ـی حوکم ئەزانیت نەئەتوانیت هۆکارەکان بەیەکتری قیاس بکەیت بەڵکو دووشت ـی تەواو لەیەکتر جیاوازتر بەیەکترشوبهاندوە وەک شوبهاندنی شەو لەگەڵ ڕۆژ جیاوازی هەیە.

ئیمام ـی النووي لەشەرح ـی صحیح مسلم فەرموویەت ـی : (قال العلماء وافقهم النبي ﷺ في ترك كتابة بسم الله الرحمن الرحيم وأنه كتب باسمك اللهم وكذا وافقهم في محمد بن عبد الله وترك كتابة رسول الله ﷺ وكذا وافقهم في رد من جاء منهم إلينا دون من ذهب منا إليهم وإنما وافقهم في هذه الأمور للمصلحة المهمة الحاصلة بالصلح مع أنه لا مفسدة في هذه الأمور أما البسملة وباسمك اللهم فمعناهما واحد وكذا قوله محمد بن عبد الله هو أيضا رسول الله ﷺ وليس في ترك وصف الله سبحانه وتعالى في هذا الموضع بالرحمن الرحيم ما ينفي ذلك ولا في ترك وصفه أيضا ﷺ هنا بالرسالة ما ينفيها فلا مفسدة فيما طلبوه وإنما كانت المفسدة تكون لو طلبوا أن يكتب مالا يحل من تعظيم آلهتهم ونحو ذلك وأما شرط رد من جاء منهم ومنع من ذهب إليهم فقد بين النبي ﷺ

لحكمة فيهم في هذا الحديث بقوله من ذهب منا إليهم فأبعده الله ومن جاءنا منهم سيجعل الله له فرجا ومخرجا)

واتــــە : زانایـان فەرموویانە پێغەمبەر ﷺ ڕەزامەنی پیشـان یـان لەوازهێنان ـی لەنوسینی بسم الله الرحمن الرحیم ـو کردن ـی بە (بسمک اللهم) وە بەهەما شێوە ڕازیبوو بەنەنوسینی رسول الله لە بڕی ئەوە نوسـی محمدی کوڕی عبدالله ﷺ بەهەمان شێوە ڕازیبوو لەسەر گەڕاندنەوەی ئەوکەسانەی لەناو قوڕەیشەوە یەن بەبێ گەڕانەوەی ئەوانەی لە موسڵمـانانەوە ئەچنەوە بۆناو قوڕەیش پێغەمبەر ﷺ ڕەزامەندی پیشان یـا لەم چەند شتە لەبەر ئەوەی ئەو بەرژەوەندیـە گرنگەی لەم ڕێکەوتنە بەدەست یەت وە هیچ زیانێـک نەبوو لەو ڕەزامەندی پیشاندانە لەسەر ئەوشتانە چونکە بسم الله الرحمن الرحیم و بسمک اللهم هەردووکـی یەک واتای هەیـە بەهەمان شـێوە نوسینی محمدی کوڕی عبدالله لەهەمان کاتدا پێغەمبەری الله تعالی ـیە ﷺ هەروەک چۆن نەنوسینی الرحمن الرحیم واتای ئەوە ناگەیەنێت کەالله تعالی الرحمن الرحیم نەبێت بەهەمان شێوە نەنوسینی رسول الله مانای ئەوەنیە کەنەفی پێغەمبەرایەتیەکەی بکات کەواتـا هیچ مەفسدەتیـک لەداواکەیان نەبوو کاتێـک ئەبوو بەمەفسدەت وزیان کە ئـەگەر ئەوان داوای نوسینی شتێکیان لـــــە پێغەمبەر ﷺ کردایـە

کەئەوشتە حەڵاڵ نەبێت وەک بەگەورە ڕاگرتنی پەرستراوەکانیـان وهاوشێوەی ئەوە وە ئەو مەرجەش کەهەرکەس لەوانەوە بێت بۆناو موسڵمـانان بگەڕێنرێتەوە بۆکافران وڕێگری لەگەڕانەوەی ئەوەی ئەچێت بۆناو ئەوان پێغەمبەر ﷺ حیکمەت ـی ئەمەی ڕوونکردەوە لەو فەرموودەیەی کەفـەرموویەت ـی : (هەرکەس لەئێمە بچێتە لای ئەوان الله تعالی دووری بخاتەوە هەرکەس لەوانیشەوە بێت بۆلای ئێمە ئەوە الله تعالـی دەرچەیەکی بۆئەکاتەوە). [شرح النووي على مسلم12/473]

کەواتـا ئەمە موعجیزە و وەحی بـوو چونکە پێغەمبەر ﷺ ئەیزانی بەوەحی کەئەو موسڵمانانەی ئەیانەوێ هیجرەت بکەن الله تعالی دەرگایـەکیان بۆئەکاتەوە وە ئەو فەرموودەیەش بەدیهات وەک نمونەکەی ابو بصیر

کەواتـا پێغەمبەر ﷺ لەهیچ ناشەرعیەک وەڵامی قوڕەیشی نەیاوەتەوە تابوترێ لەناچاریدا حوکمی بۆ قوڕەیش بردۆتەوە وەک زانایان باسیان کردووە قوڕەیش داوای شتێکیان نەکرد کەلەشەرعی ئێمە حەرام وکوفر بێت کەواتا "چۆن تحاکم ـی کوفری قیاس ئەکرێت بـۆ باردۆخێک کەهیچ کوفر وحەرامێکی تێدانیـە بەڵکو تەنها ڕێکەوتنێک بوە نەک تحاکم !"

هەربۆیە لەسەر ئەم ڕووداوە زانایان وەک الكرماني فەرموویەت ـی : (وفيه جواز بعض المسامحة في بعض أمور الدين (يعني كالمستحبات مثل كتابة البسملة) ما لم يكن مضرا بأصوله)

واتـــە : ئەم ڕووداوە شەرعی بوونی چاوپۆشیکردن ـی تێدایە لەهەنێ لەکارەکانی دین (وەک سونەتەکان وەک نەنوسینی بسم الله الرحمن الرحيم) مادام ئەو چاوپۆشیکردنە زیان لەبنەماکان ـی دین نەیات.

کەواتـا چەندە جیاوازن ؟ تحاکم بـۆطاغوت کەدژی ئەصلی ئیمان ـە نەک تەنها زیان قیاسی بکەیت بەنەکردنی هەنێ شت کەلەدیندا شەرعیە و نەحەرامە ونەکوفرە !

بـۆیە داواکارم لـەموسڵمـانان کاتی خۆیان بەگوێگرتن لـەم نەفامە بەفیڕۆنەیـەن چونکە نەزانستێکی لێ فێرئەبن بەڵکو توشـی دوودڵـی وگومانیشتان ئەکات لەعەقیدەکەتان

الحمد لله رب العالمين

وصلى الله على نبينا محمد وعلى الـه واصحابـه اجمـعين